## شاعیری هەست ناسک خاتوو سارا عومەر لە «گەڕان بەدوای مەرگدا»




### زانا گەلاڵی

زۆرن ئەو کەسانەی، کە هۆنراوە دەنووسن و کەمن ئەوانەی ڕاستگۆیانە بتوانن گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن.

دیارە ئەوانەی کە وەک دەنگێکی ئافرەتانە لە هۆنراوەکانی خۆیان گوزارشت لە ناخی خۆیان دەکەن ڕەنگە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمتر بن، بەڵام یەکێ لەو هۆزانڤانانەی کە لە هۆنراوەکانیدا توانیویەتی وەک کچێك بنووسێت خاتوو سارا عومەرە! ئەم خانمە لە شەپۆڵەکانی دەریای ئەدەبدا توانیویەتی دەنگێک بێت جیا لە دەنگەکانی تری دونیای ئەدەب و خۆی ئاشنای هەوادارانی دونیای هۆنراوە و جوانی بکات، هەر بۆیە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 28 / 10 / 2006 کاتژمێر یەک و سی دەقیقەی نیوەڕۆ ڕادیۆی کوردستان لە شاری یۆتۆبۆری وڵاتی سوێد لە بەرنامەی کاروانی هەڵبەست و گۆرانی کە لەلایەن کاک ئەحمەد نەجات پێشکەش دەکرا، میوانداری خاتوو سارا عومەری شاعیر کرا. لەم دیمانەیەدا خاتوو سارا چەند هۆنراوەیەکی خۆی بەدەنگی خۆی خوێندەوە کە بریتی بوون لە مانە: (وەرە با بۆیەک بژین، کە جێت هێشتم ، گەڕان بەدوای مەرگدا) جگە لەمەش ئاماژەی بە هۆنراوەیەکی حەزرەتی نالی کرد کە کاریگەری لەسەر ئەو هەبووە و دواتر بەدەنگە بەسۆزەکەی خۆی خوێندیەوە بەنێوی (نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ)..
شایەنی سەرنجە کە ئەم خاتوونە لە هۆنراوەی گەڕان (بەدوای مەرگدا) سەرجەم گوێگر و تەنانەت پێشکەشکاری بەرنامەشی بەهۆی کاریگەری دەنگە خۆش و ناسکەکەی نوقمی دونیایەک کرد، ئەویش دونیای گەڕان بەدوای مەرگدا بوو.

لەم هۆنراوە جوانەدا هەرهەموومانی ڕاپێچ کرد بەرەو چارەنووسێکی نادیار. کەچی هەرنەمردین و بەردەوام لەگەڵ وشە بە وشە و هەنسک بە هەنسکی هۆنراوەکەدا دەڕۆیشتین و، زیاتر دەچووینە دونیای ئەم کیژۆڵە شاعیرەوە. بەدەم گوێگرتنەوە لەو کاتەدا کە هۆنراوەکەی دەخوێندەوە ئێمە هەموو تووشی پچڕانێک بووین و لەو خەونە خەبەرمان بووەوە لە ناکاو، ئەویش لەبەر درێژی هۆنراوەکە و کەمی ماوە نەیتوانی ئێمە بگەیەنێتە چارەنووسی کۆتایی، کە ئەویش ڕزگار بوون بوو لە ئێش و ئازارەکانی ژیان.
لەم هۆنراوەیە، خاتوو سارا لە شەوە تاریکەکاندا، لەوکاتەدا کە کۆی خۆزگەکانی لەخاچ دەدرێن، ئەو وێڵە بەدوای مەرگدا، پەنا بۆ دوورگە دەبات، خۆی دەکات بە باوەشی هەورەکاندا، ئەو هەورانەی کە هەمیشە چاوانیان پڕە لە فرمێسك و بۆ ژیان دەگرین، چونکە خۆی لەفرمێسکی هەورەکان ئەدۆزیتەوە کەچی هەرناتوێتەوە. ئەو دەبێتە فریشتەو هانا بۆ خودا دەبات، ڕێگای دوور دەگرێتەبەر بە هیوای ون بوون لەژیان، کە چی هەر ون نابێت. لە نێوانی جەنگی ژیان و مردندا بە ئەشقەوە خۆی تێکەڵاوی خوێنی مەرگێک دەکات و کەچی هەرنامرێ! خۆی دەکات بە باڵی باڵندەیەک بە هیوای ون بوون لە ژیان دەفرێت، کەچی هەر ون نابێت.
هۆزانڤان لەم قەسیدەیە باس لە ئازارەکانی خۆی و کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات، کە چۆن لە تاو ئازارەکانی ژیان پەنا بۆ مەرگ دەبەن، ئافرەتان لە تاو ئێشەکانی زۆرداری پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، منداڵان خەون بە پارووە نانێکەوە دەبینن. ناوبراو لە هەنگاوەکانیدا بەردەوام دەبێت بە هیوای گەیشتن بە سەرجەم ئەو ڕەنگە جوانانەی کە لە باوەشی مەرگدان، ڕەنگی خۆزگە، ڕەنگی هیوا، ڕەنگی ئارامی، ڕەنگی بێدەنگی. دوواتر ئەو دەڵێت، زۆرن ڕەنگەکان کە لە ئامێزی مەرگدان و هەر دەبێت بگەمە لایان!
لەدوای بیستنی دەنگی خاتوو سارا لەو بەرنامەیەدا دڵنیاین دەتوانین بڵێین دەنگە بە سۆزەکەی لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا وەک جریوەی چۆلەکە پاسارییەکانی وەرزی بەهارە سەوز هەڵگەڕاوەکان بە گوێچکەماندا گوزەری دەکرد و، هەستمان بە ئاسوودەیی ڕۆح دەکرد. بۆ چەند چرکەیەک لە مێشکی ماندووماندا پشوویەک دەدات و دەمانباتە نێو کەشێکی ڕۆمانسیی و دونیایەکی پڕ لە بەرائەت.
ئەم هۆزانڤانە وەک کەنیشکی نێو ڕۆمانە خەیاڵییەکان، دێتە نێو دیدی ئێمە و هەردەم لە ئامێزی هۆنراوەکانیدا دەبێتە سپێدەیەک، کە لە ئاسمانێکی پاکەوە کەوتبێتە خوارەوە و دواتر لەم کەوکەبە دوورە هەستەی ئێمەدا نیشتبێتەوە.
ناوبراو لەسەر داواکاری زۆربەی گوێگرانی بەرنامەی کاروانی هەڵبەست و گۆرانی و خێزانەکەی خۆی و بە هاوکاری برا دڵسۆزەکەی کە داوایان کردبوو ئەم شیعرە بڵاو بکاتەوە، دوا جار لە (ماڵپەڕی خۆزگە) ئاماژە بەوە کرا کە خاتوون ئەم قەسیدەیەی بەدەنگی خۆی تۆمار کردووە و وەک دیاری پێشکەش بە هەوادارانی دونیای شیعرو جوانی دەکات. ئێمەش هیوای زیاتر سەرکەوتن و بەردەوامی لە شیعر نووسین بۆ خاتوونی بەڕێز سارا عومەر دەخوازین، هەر بمێنێت بۆ گەلەکەمان.

لەگەڵ ڕێزی زانا گەلاڵی / نەرویژ، 2006-11-20

• • •